ڕەوانبێژی لە شیعری میرزا ئەحمەدی داواشیدا

مەحسین کەرەم جو
(ماستەری ماتماتیک و مامۆستای قوتابخانەکانی جوانڕۆ)
محەمەدعەلی قازیزادە
(کارناسی باڵای زانستەسیاسییەکان)

پوختە؛
ئەدەبیات دایکی هەموو زانستە مرۆییەکانە و شیعریش بنەما و بنچینەی ئەدەبیاتە کە لوتکەی ئەدەبیش لە شیعردا ئەدرەوشێتەوە. ئەدەبی کوردی هەر لەسەرەتای دەسپێکییەوە تاکوو ئیستا هەوراز و نشێوێکی ئێجگار زۆری بە خۆیەوە بینیوە و توانیویەتی لە ئاستی خۆی و جیهاندا قسەیەکی بۆ وتن هەبێ. لە ئەدەبی کوردیدا، شیعر سەرکاروانی ئەدەبیاتە و بە پێیی ئەو پێناسەیە کە بۆ جوانیناسی و جوانخاسی شیعر دەکرێت دەرکەوتەی شیعری کوردی هەموو ڕەهەندەکانی ئەم جوانیناسییە دەگرێتە بەر. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە شیعری "میرزا ئەحمەد داواشی" بە گشتی توانیویەتی ئەو یاسایانە بپارێزێت و وەک ((نەهەنگێک لە دەریای ڕەوانبێژیدا مەلە بکات)).
نامەیەکی مامۆستا هێمن بۆ محەمەدی مەلاکەریم لەسەر خانای قوبادی[بە تۆزێک دەسکارییەوە]

شاوشەکان: میرزا ئەحمەدی داواشی، کوردی، ڕەوانبێژی، شیعر،

پێشەکی:
سوقرات: "شیعر جۆرێکە لە شێتی کە بێگومان شێتییەکی بەرزە و دیاری خوداوەندەکانە بۆ مرۆڤ. ئەگەر کەسێک هەنگاو بنێتە نێو دونیای شیعرییەوە و بە بێ ئەوەی سوودی لەم شێتییە وەرگرتبێت و پێی وابێت کە دەتوانێت بە یارمەتی سەنگ و قافیە ببێتە شاعیر، ئەوا هەم شێتە ڕاستەقینەکان ئەو بە بێگانە دەزانن و هەمیش شیعرەکەشی کە بەرهەمی مرۆڤێکی بێئاگایە بە چاوێکی سووک سەیری دەرکرێت".
جا ئەگەر ئێمە کاکڵە و ناوەڕۆکی ئەم وتەی سوقراتە بکەینە بنەما بۆ ئەو هەموو چەمکەی کە لە گەردووندا جیاوازن ئەتوانین بڵێین کە شاعیرە ڕاستەقینەکان تەنانەت خەون و خولیاکانیشیان لە کە نووسینەکانیاندا ڕەنگ ئەداتەوە جیاوازە و هەموو پیت و وشە و ڕەستەکانیان لە ئەوپەڕهەست و دونیایەکی تر‌ەوە هێناوەتە نێو دونیای ڕاستەقینە و هونەرێکی ئەبەدییان بۆ هەموو زەمەنەکان خولقاندووە کە بەردەنگی پێ بفڕێنن و ئەوەندەی هەست بزوێن بن کە ئەویدی سواری خەیاڵی خۆیان بکەن و غاری بدەن و بەڕەو هەڵدێر بازببەن.
"ڕەوانبێژی" وەکوو لایەنێکی سەرەکی و گرینگ و دیاری ئەدەب لای شاعیرانی جیهان گرینگی پێدراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا لایەنی "ڕەوانبێژی" لەسەر شیعری "میرزائەحمەد داواشی" باس ئەکەین کە بە دیارترین و بەرفراوانترین هونەرە ئەدەبییەکان دادەنرێت کە پانتایەکی زۆری لە هونەری شیعریدا بۆ خۆی گرتووە و ئەتوانێن بڵێین کە "ڕەوانبێژی" وەک شیعریەتی شیعر لە شیعرەکانی "داواشی"دا بە شێوەیەکی بەرچاو خۆی ئەنوێنێ و شاعیر[داواشی] توانیویەتی سەرکەوتووانە ڕەوانبێژی بەکار بێنێت و بە شێوەیەکی فراوان ئەم هونەرە بگوازێتەوە نێو زمان و ئەدەبی کوردی و دەوڵەمەندتری بکات.

میتۆد و شێوەی لێکۆڵینەوە:
ئەم توێژینەوە کە لە ژێر ناونیشانی "ڕەوانبێژی لە شیعری میرزائەحمەدی داواشی"دا هاتووە، ڕێبازی (وەسفی_شیکاری)یە و بە شێوەیەکی قوتابخانەیی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.

پێشینەی لێکۆڵینەوە:
پێشینەی لێکۆڵینەوەیی لەسەر بنەمای "ڕەوانبێژی" بۆ شاعیرانی کورد ئەنجام دراوە لەوانە؛ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا نووسینی عەزیز گەردی،(1970-1979) لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا نووسینی د.ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا(2011) و...

بەڵام تا ئیستا لایەنی "ڕەوانبێژی بە شێوەیەکی پووختە لەسەر "میرزائەحمەد داواشی" ئەنجام نەدراوە و ئەمە کەلێنێکی خستووەتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە و بۆشاییەکە لە وێژەی کوردی کە دەبێت پڕ بکرێتەوە.

پرسیارەکانی لێکۆڵینەوە:

_ ڕەوانبێژی چییە؟

_ لایەنەکانی ڕەوانبێژی لە شیعری "میرزائەحمەد داواشی" چین؟

گریمانەکانی لێکۆڵینەوە:

داواشی بە جوانی توانیویەتی بەسەر ئەم لایەنە شیعریەدا زاڵ ببێت و لە زۆربەی شیعرەکانیدا "ڕەوانبێژی" پێکهاتەی جوانخاسی دیوانەکەیەتی.

ڕەوانبێژی چییە؟

ڕەوانبێژی بە دیارترین و بەرفراوانترین هونەرە ئەدەبییەکان دادەنرێت کە پانتایەکی زۆری لە هونەری شیعریدا بۆ خۆی گرتووە، و بووە بە پایەیەکی گرینگ و زۆرترین بیروڕای جیاواز لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگرانەوە لە بارەی چەمک و پێناسەی ڕەوانبێژییەوە بخرێتەڕۆ.

بەگشتی زۆربەی نووسەر و بیرمەندان ڕایان وایە کە ڕەوانبێژی بریتییە لە "کورتبڕی بێ کەم و کۆڕی و درێژبڕی بێ زیادەیی"

"عەلائەدینی سەجادی" لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی ئەڵێت: "ڕەوانبێژی بریتییە لە ڕوخسار و ناوەڕۆک بە شێوەیەکی توند و تۆڵ باوەشیان بە یەکدا کردووە و لە یەک جودا نابنەوە چونکە هەر یەکێکیان بە بێ ئەوەی تر وەک لەشێک وایە بە بێ گیان، کەواتە وشەکان لەشن و واتاکان گیانن"

"مەسعوود یاسین چەلکی" لە کتێبی [ڕۆڵی هونەرێن ڕونبێژی دچێکرناو تنێی هۆزانێ کوردیدا] دەبێژێ: "ئەوپەڕی جوانی زمانە، شیرینی و ڕێی ئاخافتن دەردەخات، مەبەستەکانی فراوانتر دەکات ئاسۆیەکی بێ پایان بە زمان ئەدات بە هۆی وێنە سازییەوە..."

د.ئیدریس عەبدوڵڵا دەڵێت: "زانستی ڕەوانبێژی خەڵک فێری گەیاندنی تاکە واتایێک دەبن، بە ڕێگەی لە یەک جیا، بەڕوون و ئاشکرایی و بە شێوازێکی جوان".

لێرەدا ئەتوانین بڵێن کێش و ئاواز و ناسکی وشە و سەروا و هەموو ئەو هونەرانەی دیوی دەرەوە دەڕازێننەوە، ڕەوانبێژی زیاتر دەست بەوانەوە دەگرێ و گوزارشت لەوانەوە دەکات.

کورد ئەڵێ: "قسە بیگێژە، بیبێژە، بیوێژە"

"میرزائەحمەد داواشی" وەک شاعیرێکی بەتوانا، سەرکەوتووانە ڕەوانبێژی بەکار هێناوە و بە شێوەیەکی فراوان ئەم هونەرەی گواستوەتەوە نێو زمان و ئەدەبی کوردی و جێگە دەستی ڕەنگینە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەپەرژینە سەر دیوانە شیعرەکەی میرزائەحمەد داواشی و لایەنی خوانخاسی شیعری(ڕەوانبێژی) شی دەکەینەوە.

ڕەوانبێژی دەکرێت بە سێ بەشەوە

ڕوونبێژی(البیان) - واتاناسی(المعانی) - جوانکاری(البدیع)

ئێمە لێرەدا دوو بەشی یەکەم لێکدەدینەوە و بەشی سێهەم واتە "واتاناسی" دادەنێن بۆ کاتێکی تر

پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕەوانبێژی

ئەدەب ئەو پارچە نووسراوە بەهێزەیە کە لە سۆزێکی زیندووەوە هەڵقوواوەو بۆ بزواندنی سۆزی گوێگر یا خوێنەر هەوڵ ئەدات. ئەمەشیان بە هۆی ئەم بیرو خەیاڵ و شێوەی دارێژراوە ئەبێت کە بە جوانترین شێوە و تووندترین جۆر دەرئەکەوێ. بەدڵنیاییەوە ئەدەب و "ڕەوانبێژی" ڕاستەوڕاست پێوەندییان پێکەوە هەیە. بەگشتی ئەدەب ڕاستەوخۆ ڕوو لە

ژیانی کۆمەڵ ئەکات و لەگەڵیاندا ئەدوێ بەڵام "ڕەوانبێژی" لە ئاوێنەی ئەدەبەوە سەیری ژیان ئەکات. ئەدەب لایەنێکی [ئیجابی] و داهێنەرانەی هەیە بەڵام ڕەوانبێژی لایەنێکی [سەلبی] هەیە و ڕوو دەکاتە لایەنی کزی و لاوازی ئەدەب.

1_ڕوونبێژی:
لە ڕوویی وشەییەوە
ڕوونبێژی وشەیەکی لێکدراوە و پێکهاتووە لە
ڕوون+بێژ+ی
ڕوون= بێگەرد و تۆز و خۆڵ و پیساییەکی تێدا نەبێ
بێژ= یانی وتن
ی= دروستکەری ناوی واتایی
واتە؛ ئەو گوتەو ئاخاوتنەی لە ڕووی واتاوە ڕوون و ئاشکرایە و بێ گرفت و ئاڵۆزە.

لە ڕوویی زاراوەییەوە
ناوی یەکێ لە زانستەکانی ڕەوانبێژییە و لە عەرەبی پێی دەوترێ (البیان)

ڕوونبێژی، زانستێکە، بە هۆیەوە خەڵکی فێری گەیاندنی تاکە واتایەک دەبن، بە ڕێگەی لەیەکدی جیا، بە ڕوون و ئاشکرایی و بە شێوەیەکی جوان.
یان دەڵێن، "زانستێکە لێیەوە فێری ڕووەکانی دەربڕین لە واتای مەبەست دەبین و بە هەردوو واتای وشەی بۆدانراو و واتای ئەقڵیش پێکەوە"

باسەکانی ڕوونبێژی
بنەڕەتەکانی ڕوونبێژی بە پێی ڕای زانایانی بواری ئەدەب لە سێ باسدا کورتکراوە
1_ لێکچواندن(تشبیە)
2_ خوازە(مجاز)
3_ خواستن و درکە(استعارە و کنایە)

یەکەم: **لێکچواندن**
بەر لە داهێنانی نووسین مرۆڤەکان پەنایان بۆ بردووە و خەڵکی ئاساییش بەکاریان هێناوە، ئەتوانین بڵێین لێکچواندن کۆنترین شێوەکانی ڕوونبێژی و هۆکارەکانی خەیاڵە و نزیکترینیانە لە تێگەیشتن
لێکچواندنی شتێک بە شتێکی دیکە کە سیفەتێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت. یان لێکچواندن گوزارشتکردنە لە هاوبەشبوونی شتێک لە گەڵ شتێکی تردا.

لوولام لوول وەردم وەک لوول لەولاو
وەک ئەوە سەد سالّ ئەو دووروێ لە ئاو
لوول (لێچوو)، وەک (ئەوزاری)، لوول لەولاو (لەوچوو)
"لوولیام و لوول بووم هەر وەکو لوولی لەولاو"
خۆی شوپهاندووە بە لەولاو کە چۆن لول ئەخوات.
هەر چەند لەم بەیتە شیعرەدا میرزائەحمەد داواشی توانیویەتی زۆرێک لە لایەنەکانی جوانیناسی و جوانخاسی شیعر بخاتەڕو بەڵام "ڕوونبێژی"(لێکچووواندن) بەرچاوە.
یان
مەواچان عەزاب قیامەت بێ شۆن
قیامەت کەی وەک دووری باڵای تۆن
هەرگیز نەڵێن عەزابی قەیامەت زۆرە و بێ ئەندازەیە
قەیامەت هەرگیز وەکو دووری باڵای تۆ سەخت نییە.

قەیامەت(لێچوو)، وەک(ئەوزار)، باڵای تۆ(لەوچوو)
شاعیر لێرەدا **"کورتبڕی"** کردووە و لە جێگەی ئەوەی درێژدادڕی بکات و باس لەسەر تاقەتی دووری و نارەحەتی و فیراقێکی درێژ بکات، گورجێ دووری یاری شوپهاندووە بە قەیامەت. هەروەها بە ئاشکرا(**ڕووبەڕووکردنەوە**) کردووە لە ئەم تاقەتی دووری نەماوە و ئامادەی عەزابی قەیامەتە تا دووری یار. و لە کۆتایشدا **هووشەکاری** کردوە کە ئەم ئەو عەزابەی قەیامەتییە بینیووە و چەشتووە و هاتووە هەڵسەنگاندنی لە نێوان دووری یار و ئەو عەزابەیەدا کردووە.
بە دڵنیاییەوە دیوانە شیعریەکەی مامۆستا ئەحمەد داواشی لێوانلێوە لە لێکچووادن و داهێنان و دۆزینەوەی لەوچووی گونجاو و تازە

خوازە(المجاز)
لە هەموو زمانەکانی جیهاندا، وشەکان پیرۆزن و هەڵگری کۆمەڵێک بنەما و بنچینەی ئەو کەلتوور و زمانەن کە تێدا هەڵکەوتوون. وشە بەسەرهاتگەلێکی زۆری بەسەر هاتووە و هەوراز و نشێوی پێواوە تا دەگاتە دەستی بێژەر و بەردەنگ.
یان ئەتوانین بڵێین ئەم هەویرە ئاوی زۆری بینیوە
لە فەرهەنگی وشەدا، ئەگەر بێن و لێکی بدەینەوە، ئەبینین کە زۆرێک لەم وشانە چەندەها مانایان هەیە، کە بڕێک جار لە یەک نزیکن و بڕێ جاریش وەک ئاسمان و زەوین.
ئەوەی کە زمانێک ئەو هێزەی تێدابێت و شاعێرێک بتوانێت ئەو وشەیە خەیاڵاوی بکات ئێمە بەرەو ئاقارێکی دیکە دەبات. یانی وشەیەک لە مانای ڕاستەقینەی خۆی دەربچێت و ماناگەلێکی ترمان پێ بدات و مەبەستێکی ترمان پێشان بدات.
بەگشتی خوازە، هونەرێکی گرینگی داهێنانی ئەدەبییە بۆ ئەوەی دەق بە ناسکی بمێنێتەوە.

گول بۆی گوڵ نەندام گوڵ فرۆشەکەم
نەشتەر دای لــە زام تـــازە جـۆشەکەم
لێرەش مامۆستا داواشی بەجێی ئەوەی بڵێ یارەکەم بەژن و باڵای جوانە، دەڵێ؛ (گوڵ ئەندام)، لێرە گوڵ بە مانای دووری خۆی یانی یارەکەی دێت کە هەم ناسکە، جوانە و دڵڕفێنە.
جا لە بڕگەی دووهەمیش کە دەڵێ نەشتەرت دا زامەکە، ئەمیش گەمەیەکی خەیاڵاوییە چوونکە گوڵ نەرمە و ناتوانێت تێژبێت و زام بکولێنێتەو.

ریشەی جەرگ و دڵ تەمام پارە بوو
بێچارە ئەحمـــەد هــەر ئـاوارە بوو
(ریشەی جەرگ و دڵ)، واتە؛ زۆری دەرد و خەم، لەڕاستیشدا جەرگ و دڵ ڕیشەی نییە و ئەندامێکی لەشە و بە نەبوونیان مرۆڤیش نییە.
کەواتە لێرە و زۆر شوێندا داواشی توانیویەتی وشە لە شوێنی ئاسایی خۆیدا بەکار نەهێنێ و یاساکانی زمان بشکێنێت و ئەو ئەرکەی کە بۆ مانای نزیکی وشە بەکار دێت لابات و داهێنان بکات(هەرچەند تازە نییە). ئەو لەسەر خوازە سوار بووە و واتای زۆر کردووە و خەیاڵی ئازاد و بەرفراوان. وشەکانی نەخەساندووە و لە وەستانی ڕزگار کردووە.

خواستن(استعارە)
وەرگرتنی شتێک لە یەکێکەوە بۆ ئەوەی بۆ پێویستییەکی دیکە و لە شوێنێکی دیکە بەکار بهێنرێت بۆ مەبەستێک.
بەواتایەکی سادەتر؛ بریتییە لە بەکار هێنانی وشە بۆ بێجگەی ئەوەی بۆی دانراوە.
بەکورتی؛ خواستن لقێکی خوازەی زمانییە، بریتییە لە بەکار هێنانی وشەیەک لە شوێنێکەوە و بەکارهێنانی لە شوێنێکی دیکە، ئەمەش لە بەر بوونی پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوان واتای دروست و واتای خوازەیی وشەکە، لەگەڵ بوونی قەرینەیکیش، ئەو قەرینەیە ڕێگر بێ لەوەی ئەو وشەیە بۆ واتای دروست هاتبێ

داواشی لە شیعری "تۆبەی گورگ"دا،

گورگ وتی:
وتی: نە بێ هۆش، نە مەستی مەیم
ئیستە وەحوزوور، باپیرەم گەیم
خواستن لە بێ هۆش و مەستی کە تایبەتە بە مرۆڤ، کە لێرە مەبەستی خۆشحاڵی و پێخۆش بوونی گورگە. سیفەتێکی مرۆیی چووەتە پاڵی گیاندارێکەوە

رۆشن وێنەی دوڕ لەتیف تر لە گوڵ
گوڵ لە لەتافەت ئەو ماتەو خجڵ
گوڵیش بەو لەتیفییەوە لەهەمبەر تۆدا مات و خەجاڵەتە
مات و خجڵ، سیفەتێکی مرۆییە، داواشی ئەیتوانی بیگوتبایا گوڵ لە لەتافەت لە هەمبەر تۆدا پەژمورەدە و سیس ئەبوو مات و خجڵ(قەرینەیە)

ماە مەعزوور لە رووی ماە روخسارت
شەکەر شەرمەندەی شیرەی گوفتارت
خواستن لە وشەی ماە(مانگ)دایە، مانگی ئاسمان و هەمیش مەبەستی لە مانگ ڕووخساری یارە، و هەروەها مانگ ناتوانێت مەعزووریش بێت و ئەمە سیفەتێکی ئینسانی و مرۆییە
لە بڕگەی دووهەمیش شەکەر ناتوانێت شەرمەندە ببێت و...

هەروەها کە لەسەرەوە وترا، دەیان بڕگە و شیعری دیگەی مامۆستا داواشی هەیە کە ئەو لایەنەی "خواستن"ی تێدایە و بەیان کردن و ڕوونبێژی تا ئەوپەڕی جوانخاسی شیعری بەرزکردۆتەوە و ئەم هونەرە ناوازەیە لەسەر بنەمای ڕوونبێژیدا هێناوەتە ئاراوە. ئەو بۆ داهێنان لە شیعردا پەنای بۆ "خواستن" بردووە کە بتوانێت بەم شێوەیە کاریگەری هەبێت و وروژان و گۆڕان بە ئاسانی و جوان لەنێو بەردەنگدا بچێنێت و توانیویەتی کەلتوورێکی گەورەی ئەدەبی و شێوازی جوان و کاریگەر بۆ کتێبخانەی کوردی ساز بکات.

درکە(کنایە)
ئەو گوتەیە کە قسەکەر دەربدەبڕێت و مەبەستی واتایەکی دیکەیە.
یانی مەبەست واتایەکی دوورترە، واتایەک کە خۆی لە پشتی وشەکانەوە حەشار داوە.
بەگشتی "درکە" لە ڕەوالەتدا واتایەک دەگەیەنێ و لەو دیوی ئەو واتایەش واتایەکی دیکە دەرکی پێدەکرێت. کە ڕێک مەبەست واتا دووهەمەکەیە.
مامۆستا عەزیزگەردی دڵێت: **مانای مانا**

یەک جەمڵ ماە دووحەفتەمێ دیم
عەقرەب لە قەمەر غەزاڵ چەمێ دیم
درکە(کنایە) کنایە بەهەموو جۆرەکانییەوە لەم شیعرەدا خۆی ئەنوێنێ.
بڕگەی یەکەم ئەڵێت؛ ڕوخساری مانگی چواردەم بینی، ئەمە وتەیەکی ئاساییە بەڵام مانای دووری درکەیە لە ڕۆخساری یار کە وەک مانگی چواردە ئەدرەوشێتەوە
بڕگەی دووهەم ئەڵێت؛ ئەستێرەی عەقرەب و قەمەر کەوتنە پاڵی یەک و چاوی ئاسکێکم بینی

درکەیە؛ بارودۆخم شپرزە بوو کاتی چاوی جوانی یارم بینی.

هەرگیز نەتاشی سەرێ وە بێ ئاو
ریشت ئەتاشن نیمەو ناتەواو
درکەیە، مەبەست ئەوەیە وڵامی چاکە چاکەیە و خراپیش خراپەیە.

بەم شێوەیە داواشی واتای دروست و بەهێز و تێگەیەنەری پێشکەشی بەردەنگ کردووە، و ئەو بابەتەی کە ڕەنگە بە ئاسانی نەتوانرێت بگوترێت یان لە کەلتوورە جیاوازەکاندا نۆرم نەبێت شاعیر بە درکە دەتوانێت بە شاراوەیی باسی بکات.

بەشی دووهەم

2_جوانکاری(بدیع)

واتە، دەست ڕەنگین و ڕازێنەوە.
یەکەم تایبەتمەندی نووسەر یان شاعیرە، بەو شێوازەی کە دەنووسرێ تایبەت بە خۆیەتی، زمانەکە هی خۆیەتی و کاتێ شیعرێک دەخوێنینەوە کە نووسەرەکەی دیار نەبێت خوێنەر ئەتوانێت دەسنیشانی بکات کە شاعیرەکە کێیە.

جوانکاری دەبێتە دوو جۆرەوە
جوانکاری وشەیی
جوانکاری واتایی

2-1. جوانکاری وشەیی
لە لایەنی ئاواز و موسیقای وشەوە دەکۆڵێتەوە و جوانکردنی دەربڕینە.
جۆرەکانی جوانکاری وشەیی زۆرن وەکو: ڕەگەزدۆزی(جناس) - هێنانەوە- پاتکردنەوە - گێڕانەوە - تەشر - و...

ڕەگەزدۆزی؛ دوو وشە کە لە دەربڕیندا بەشێوەیەکی تەواو، یانیش کەمتر لەوە، لێکچوونیان لە نێوانیاندا هەبێت و هاوئاهەنگ بن.

چناران وەردەن، چەم وە چەمەدا
چەم مەدان مەدام، وە رووی چەمەدا

چەم، ڕەگەزدۆزیە
چەمی یەکەم؛ چەمیاونەتەوە
چەمی دووهەم؛ چەم و ڕووبار
چەمی سێهەم؛ ئەتوانێت دوو مانای هەبێت، چاو یان چەمیاو
چەمی چوارەم؛ چەم یان چاو
دەربڕین هەر وەک یەکن بەڵام واتاکان دەگۆڕن و جوانییەکەش چەند قات دەبێ

سروە مەعلوومە بای بەهارییە
بەهار بێ سروە دەردی کارییە
یان
پەڕاو پەڕتاپەڕ پەڕ فشانیشەن
هەر پەڕێ دووسەد پەڕ نیشانیشەن

وشەی پەڕ ڕەگەزدۆزییە

هێنانەوە
هێنانی وشەیەک لە سەرەتا، یان ناوەڕاست، یان کۆتایی نێودێری یەکەم، یان سەرەتاو ناوەڕاستی نێودێری دووهەم و هەمان ئەو وشەیە، یان وشەیەکی هاوڕەگەزی خۆی لە کۆتایی دێڕەکەش هێنرابێتەوە.

فەرد تەنیای تاک بێ باک لە تانە
گەردانندەی چەرخ دەور زەمانە
وشەی تاک و باک یەک ڕەگی فەرهەنگیان هەیە و لە ماناش جیاوازن.

مەوات ئەی کەریم کەرەم بنمانە
بێ کەرەم مەبەر یەکتای یەگانە
کەرەم، هێنانەوەیە،

حوکمەن حاکمەن میرەن ئەمیرەن
حاڵەن ئەحواڵەن حەکیمەن ژیرەن
حوکم و حاکم دوو وشەن کە ڕیشە و ڕەگیان یەکێکە بەڵام واتایان جودایە.
ئەمەیە هێنانەوەی داواشی لە شیعرەکانیدا کە دەرکەوتە و توانای زمانی خۆی و هاوتایی فرەواتایی وشەکانی پێ ناساندووین

پاتکردنەوە
تکرار یان ئەو وشەیە کە بەهەمان شێوەی دەردەبڕی و یەک واتای هەبێت. زۆرتر بۆ جەخت کردن و پیاهەڵدان و لۆمەکردن و... دێت.
بەگشتی بەدوای یەکدا هێنانەوەی وشەیەک، جارێ یان دوو جار و هەمان واتاش بگەیەنێت. یان شێوەیان جودا بێت بەڵام هاوواتا بن.

کێ تەی کەرۆ ڕا وە ئارامەوە
وە ئارام ئارام دۆ وە لامەوە
ئارام، پاتکردنەوەیە، هاوشێوە و هاوتان کە هەم جەختی کردووە لە سەر ئارام بوون و هەمیش مۆسیقایەکی خۆشی سازاندووە.

گێرانەوە
گێرانەوی یەکجار یان زیاتری وشە یان دەستەواژە و ڕستەییەک لە سنووری دێڕێکدا بەمەرجێک هەرجار واتایەکی جیاوازی هەبێت.

ئەیوانش چون تاق کیسرا بەرۆ شەق
بێ ساحێب مانۆ بێ ڕەنگ و ڕەونەق
وشەی بێ دوو جار هاتووە، جارێک لە پاڵ (ساحیب) و جارێکیش لە پاڵ (ڕەنگ) کە هەردووکیان مانای جیاوازیان هەیە.

هەر یەک وە نەوعێ لاڵــە مەکەردن
یەک یەک وە ئیکرام نامش مەوەردن
وشەی یەک، گێرانەوەیە
"یەک"ی دێڕی یەکەم واتا کەس یان کەسێک
یەک یەکی دێڕی دووهەم واتا هەر کامەیان. ئاوازێکی تایبەتی بۆ داناون و دەبڕینێکی تایبەت لە خوێندنەوەی دروست کردووە و مەبەستەکانی تۆختر کردووە.

لێوەرگرتن(اقتباس)

لێوەرگرتن بریتییە لەوەی قسەکەر بۆ گوتەکانی خۆی، ئایەتێک لە قورئان، فەرموودەیەک، یاسای زانستێک، قسەی نەستەق، پەندی پێشینیان، شیعریکی دیکە و... وەربگرێ و وەها تێکەڵی خۆی بکات، کە هی خۆیەتی، چونکە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە ناوی سەرچاوەکەی ناکات.

سڕڕ خەفییەن "واحد القهار"
بە مەڵایمی ماوەرۆ وەهار
واحد القهار ئایەتێکی قورئانە و داواشی بەجوانی لە نێو شیعرەکەیدا تاواندوویەتیوە و بووە بە "وەرگرتن"

خەتاب کەرد وە "کەوک"، کەی توو فریشتەی
پەنجەو پا وە خوون ئیمامان ڕەشتـــەی
دێری دووهەم لێوەرگرتنە لە چیرۆکێکی کۆن کە گوایە کاتی ئیمامی حوسەین و یارانی لە دەست دوژمنان ڕا ئەکەن و خۆیان ئەشارنەوە، کەو بە قاسپە بانگی دووژمنان(کافرەکان) دەکات و شوێنی ئیمام حوسەینیان نیشان ئەدات و دواتر کەو لە خۆێنی ئەوان پەنجە و دنووکیان سوور دەکەن.
داواشی لەم وەرگرتنانەی زۆر زۆرە و بام شێوەیە شتگەلێکی گرینگمان بۆ باس دەکات و دەربڕینەکانی پڕواتا و بەهێزن و بە ئاسانیش پەیامەکانی خۆی ڕادەگەیەنێت.

2-2. جوانکاری واتایی
لایەنی واتای وشە و دەستەواژە و ڕستەکان دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی چێژی جوانیناسییەوە.
کە بۆ خۆی ژمارەیەکی زۆر هونەر واتاناسیمان هەیە کە لێرەدا ئاماژە بە بڕێکیان دەکەین.

دژیەک
کۆکردنەوەی شت و بەرامبەرەکەی، یان شت و دژەکەی یان کۆکردنەوەی دوو دژ لە ئاخاوتنێکدا

کولبەی تاریکم ڕۆشنتر لە خوەر
بە تەجەلای وێت بکەر منەوەر
تاریک و ڕۆشن، دژبەیەکن، دوو ناوی واتایین.

دووئـاو و هـیرۆ تـا بـەلـەبزان
بزان و نەزان گشت غەرق خەزان
بزان و نەزان، دوو وشەن، هەر دووکیان ناوی واتاییە، لە نزیکەوە دیارە کە دژ و پێچەوانەی یەکترن، یەکەمیان وەک ئەرێ و دووهەمیان وەک نەرێ بەکار هاتوون.

بەرامبەری
بریتییە لە بوونی بەلانیکەم چواروشە، دوویان لە بەشی یەکەمی ئاخاوتن و دووەکانی تر لە بەشی دوای ئەوەوە بێن، بەو مەرجەی پەیوەندی نێوان هەر وشەیەکی بەشی یەکەم و وشە بەرانبەرەکەی لەبەشی دووهەمدا پەیوەندییەکی دژیەکی بێت، جا بە ڕێکی لە بەرامبەر یەک بێن، یان بە ناڕێکی.
(هەر بەرامبەرییەک دژیەکە، بەڵام هەموو دژیەکێ بەرامبەری نییە.)

وێت مەخـفی کەردەن جە پەنای پەردە
وە ڕۆژا عـــابـــد وە شـــــەوا جـــــەردە
ڕۆژا عابدە و شەوا جەردە، لێرە ڕۆژ و شەو بەرامبەری یەکن، هەروەها عابد و جەردەش بەرامبەرن

جێگۆڕین
ئەو ئاخاوتن هەڵگێڕییەوە، بەشی کۆتایی بکەیتە بەشی یەکەمی

زەم کەس نەکەیت تا نەکەن زەمت
بـا وە بـەنـد زەم نـەوەسـن دەمت
دەم بـوەس لە زەم با نەکەن زەمت
ئـەر نـەوەسـی دەم ئەوەسن دەمت

زەم نەکەیت و نەکەن زەمت
هەروەها
نەوەسی دەم، ئەوەسن دەمت
جێگۆرکێ بە وشەکان کراون

خەت چین چین ئاران هەر چینێ سەد تار
تـــارێ ســـەد ئـــەفـــعی ئـەفعیێ سەد مار
هەر مارێ سـەد گـاز هەر گـازێ سەد نێش
هەر نێشێ سەد دەرد هەر دەردێ سەد نێش

تیلنیشان
کاتێ شاعیر، بە ئایەتێکی قورئان، یان فەرموودەیەک، یان پەندی پێشینیان و ڕووداوێکی مێژوویی، یان داستان و بەسەرهاتێکی زوو بەبێ ئەوەی ئاماژەی پێبکات، پێی ئەڵێن تیلنیشان(تلمیح).

ڕێوی سەر سەوزێ، فەوری دی وە چاو
وتـــــی: "السـلام"، ساداتـی سەراو
"سادات"، تیلنیشانە، مەبەست ئەو کەسانەیە کە لە نەتەوەی پێغەمبەرن و شاڵ و مێزەرەی سەوز ئەبەستن

مـــەبـــۆ لـــە ســـزا و جـــەزا نەتەرسی
چون سەنعان ئەر دین تەرسا مەپەرسی
سەنعان، تیلنیشانە. ئاماژەیە بۆ داستان و بەسەرهاتی شێخی سەنعان کە بۆ ئەوکەسەی خۆشی ئەویست لە دین دەرچوو

بەت کام شەتی سۆنەی کام تافی
سیمورغ کام خان حەفت قولەی قافی
سیمورغ تیلنیشانە. ئیشارەیە بە باڵندەیەکی ئەفسوناوی لە چیرۆکی ڕۆسەم و زاڵ

داواشی، واتای فراوان کردووە و دەق دەوڵەمەند بووە و مێشکی خوێنەری خزێنەر کردووە و بەردەنگی سادە و قوواڵی لەیەک جوداکردۆتەوە

کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن
ئەگەر شاعیر چەن شتێک لە ژێر یەک بڕیار کۆبکاتەوە و لە پاشان دابەشیان بکات و بە پێچەوانەشەوە

چون "ئەحمەد" مەشوست، دەس لە گیان شیرین
تەرسایـی مەسەنـد، "سەنعانـی" لێش دین
ئەحمەد و سەنعان لە ژێر ناوی (لەدەس سەدن) یان لە دەست دانی شتێک وەک خۆشەویستی یان دین کۆکراونەتەوە و تەرسایی و شیرین دابەشکراون. بەم شێوەیە داواشی **"کۆکردنەوە لەگەڵ دابەشکردن"**ی هێناوە.

پێچەوپەخش

خستنه ڕووی چەند شتێک، بەدرێژی، یان بە پوختی، دواتر هێنانی شت بۆ هەریەکە لە شتەکانی پێشوو، بەبێ دەستنیشانکردن، لەبەر ئەوەی متمانەی ئەوە هەیە، کە گوێگر دەتوانێ، ئەو شتانەی دووهەم بۆ هاوپەیوەندییەکانیان لە بەشی یەکەم بگەڕێنێتەوە.

لافاو سەیلات لـە سەر چـاوگەی غەم
بێ غەم مەڕێژا و مەوج مەدا وە هەم
لافاو و سەیلات پێکەوە پێچراون، لەسەر مەڕژا و مەوج پەخشکراون

چەند حەق وە ناحەق چەن حەق کەفتە دێر
چەند زاڵم وە گۆشت مەزڵووم بووگە تێر
لەدێری یەکەم، حەق و ناحەق پێکەوە پێچراون و دێری دووهەمیشدا لەسەر مەزلووم و زاڵم پەخشکراون

موبالەغە یان زێدەڕۆیی
ئەو وەسفەکردنەی کە شیعردا بەکار دێت و زیاد لە ڕاستی وەسف و پێاهەڵدانەوەی شتێک بکات

سەختی زمستـــان تۆف هـــەوای سەرد
هەی سەنگ وە ئاو کەر، ئاو کەری وە بەرد
هیچ زستانێک ناتوانێت سەنگ بکاتە ئاو، لێرە زێدەڕەوییەکە بۆ ئەوەی بڵێ زستان زۆر سارد بووە

داواشی لەم هونەرەی زێدەڕوییەدا بۆ جوانکاری زیاتر پەنای بۆ بردووە

چون شێر زامـــدار، خار نێش لە جـــەرگ
خەشمی و خشمناک، بێ ئەندێش لە مەرگ

ئاکام
میرزا ئەحمەد داواشی وەک هەموو شاعیرانی تری جیهان توانیویەتی لایەنەکی جوانی شیعر بپارێزت و بەتایبەت ئەوەی کە ئەم وەک کۆتا شاعیرانی بەرەی دیالکتی گۆران و تێکڵاوێک لە بن زاراوەی جافی شیعر بهۆنێتەوە.
داواشی بە بەرجەستەکردنی هونەری ڕەوانبێژی لە شیعرەکانیدا، ئاوازێکی سرنج ڕاکێشی ساز کردووە چونکە ڕەوانبێژی هونەرێکی باڵایە لە ڕازاندنەوەی زمانی ئەدەبی.
لە زۆر شوێندا بە بەرجەستە بوونی هیندی دەستەواژی تایبەت بە خۆی دەسەڵاتێکی فراوانی لە بواری زمانە باوەکەدا پێکهێناوە و یاری بە زمانی کردوە و جگە لەمانیشە شارەزاییەکی گرینگی لە لایەنی موسیقایی شیعر، مێژوو، بەسەرهاتەکانی سەردەم، چیرۆک و داستانە کۆنەکان بە زمانێکی ئاسان و ئاڤۆرەییەوە هەبووە و هەیەتی. داواشی دەیان وێنەی ئەدەبی کاریگەر و سرنجڕاکێش و تایبەتی بەرهەمهێناوە.

سەرچاوەکان:

1_ داواشی میرزا ئەحمەد، دیوان، کۆکردنەوەی حوسەین موحەمەدی، تهران: نشر احسان 1389
2_ عەبدوڵا ئیدریس، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم 2011
3_ گەردی عەزیز، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا بەرگی یەکەم و دووەم، سلێمانی: چاپخانەی کاکەی فەلاح 1975و 1973
4_ عەلی حەسەن، ڕەنگدانەوەی ڕەوانبێژی لە هەر دوو چامەکەی "نالی و سالم"دا، کەرکووک، 2019
5_ سەجادی عەلائەدین، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی، بەغداد: چاپخانەی مەعاریف، 1968
6_ موکریانی هەژار، هەنبانەبۆرینە، تاران: سروش 1369
7_ چەلکی مەسعوود یاسین، ڕۆڵی هونەرێن ڕوونبێژی دچێکرنا هۆزانێ کوردی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم 2012
8_ عبید زانا یاسین، هونەری جونکاری لە شیعری حەمدیدا، ماستەرنامە، زانکۆی ڕاپەڕین 2016